# ئایا ئاژەڵەکان بەڕاستی لە زمانی مرۆڤەکان تێ دەگەن؟

**هەندرێن مەحموود حەمەساڵح***
**(سلێمانی)**

زمانی مرۆڤ سیستمێکی ڕێکخراوی پێوەندییە، کە دەنگ و وشە و ڕێزمان لەخۆدەگرێت و ڕێگە بە ئێمەی مرۆڤەکان دەدات بیرۆکە ناڕوون و ئاڵۆزەکانمان دەرببڕین و هاوبەشی بە هەستەکانمان بکەین، بەمەش پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبێت.

هێنری سویت، زانای فۆنێتیکی ئینگلیزی و زمان، دەڵێت: «زمان دەربڕینی بیرۆکەکانە لە ڕێگەی دەنگەکانەوە کە کۆکراونەتەوە بۆ وشە. وشەکان کۆکراونەتەوە بۆ ڕستە، لە ڕێگەی ئەم کۆکردنەوەیەوە، بیرۆکەکانمان دەردەبڕین». لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەرچەندە زۆر لە گیانەوەران لە چوارچێوەی جۆرەکانیاندا پێوەندی دەکەن، بەڵام زۆر لە زاناکان بە یەکێک لە سیفەتەکانی جیاکردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ دایدەنێن. لەگەڵ ئەوەی ئەم تواناییە ناوازەیە زمانی مرۆڤ لە تەواوی سیستمی پێوەندیکردنی نێوان ئاژەڵەکان جیا دەکاتەوە، کەچی هێشتا کەسانێکی زۆر هەن کە هەوڵیان داوە ئاژەڵە ماڵییەکانیان فێری قسەکردن بکەن، یان هیچ نەبێ ڕایان بهێنن کە لە قسەکانیان تێ بگەن.

ئێستا لە زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسانێک دەبینین فەرمان ئاراستەی ئاژەڵەکانیان دەکەن و لەو بڕوایەدان کە ئاژەڵەکان شوێن ئەو فەرمانە دەکەون، کە پێیان دەوترێت، بۆ نموونە سوارەکان بە ئەسپەکان دەڵێن بوەستە و ئەوانیش دەوەستن، یان چەندان جۆرە ئاژەڵی سێرک دەچنە سەرەوە و خوارەوە لە وەڵامی ئەو فەرمانانەی کە پێیان دەدرێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە ئایا دەکرێت ئاژەڵەکان لەو فەرمانانە تێ بگەن؟

**. بۆ تێگەشتن لەم بابەتە سەرەتا لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکەین.**

**١- سیگناڵە پێوەندیدارەکان و سیگناڵە زانیارییەکان:**

بۆ ئـەوەی تایبەتمەندییەکانـی زمانـی مـرۆڤ پەسـەند بکەیـن، دەبێـت سـەرەتا جیـاوازی لـە نێـوان سـیگناڵە پێوەندیـدارەکان و سـیگناڵە زانیارییەکانـدا بکەیـن. سـیگناڵە پێوەندیـدارەکان، واتـە کاتێـک کەسـێک بـە مەبەسـت قسـەیەک دەکات و زانیارییـەک دەگەیەنێت، بـەڵام سیگناڵە زانیارییـەکان، واتـە کاتێـک کەسـێک زانیـاری لەسـەر کەسـێکی دیکـە وەردەگرێـت بـێ ئـەوەی ئـەو کەسـە هیـچ قسـەیەک بـکات، بـۆ نموونـە کاتێـک کەسـێک دەپژمێـت دەزانیـن کـە تووشـی هەڵامـەت بـووە، یـان کاتێـک کەسـێک دەسـت ڕادەوەشـێنێ، ئـەوە دەزانین کە هەڕەشـە دەکات. لـە زمانـی مرۆڤەکانـدا هـەردوو لایەنەکـە هەیـە، بـەڵام ئاژەڵـەکان ناتوانـن سـیگناڵە زانیارییـەکان بگەیەنـن.

٢- توانایی ڕەنگدانەوە:

یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مـرۆڤ، مرۆڤەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی زمان، باسی زمان بکەن و بیر لە خودی زمان خۆی بکەنـەوە، بـۆ نموونـە کەسـێک دەڵێـت: خۆزگـە ئەوەنـدە وشـەی تەکنیکیم بـەکار نەدەهێنا، ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ئێمـەی مـرۆڤ بیـر لـە زمان دەکەینـەوە، بـەڵام سـەگێک ناتوانـێ بـە سـەگێکی دیکـە بڵـێ تکایـە مـەوەڕە، چونکـە دەمـەوێ بخـەوم. ئەمـە یەکێکـە لـە جیاوازەکانـی نێـوان زمانـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ و بـە بـێ ئـەم توانایيـە، مرۆڤـەکان نەیاندەتوانـی باسـی هـەر کام لـە خاسیەت و جیاوازەکانی دیکـەی نێوان مـرۆڤ و ئـاژەڵ بکـەن.

٣- زمان ڕەمزە:

کـە دەڵێیـن زمـان ڕەمـزە، مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە زۆربـەی دەنگەکانـی زمان شـتێک دەنوێنن، کە خۆیـان نیـن، ئـەو وشـانەی مرۆڤـەکان لـە زمانـدا بـەکاری دێنـن هیـچ پێوەندییەکـی بـەو واتایـەی نییـە کـە ئامـاژەی بـۆ دەکـەن. بـۆ نموونـە کاتێـک دەڵێیـن (کتێـب) هیـچ پێوەندییـەک لـە نێـوان فۆرمـی وشـەکە و ئـەو شـتەی ئامـاژەی بـۆ دەکات نییـە، یـان بـە دەربڕینێکـی دیکـە ئێمـە ناتوانیـن بـە تەنیـا بـە بیسـتنی وشـەکە شـێوەی ئـەو شـتە بکەیـن کـە ئامـاژەی بـۆ کـراوە، چونکـە مرۆڤـەکان لـە خـۆوە ناویـان لـە شـتەکان نـاوە کـە دەکرێـت بڵێیـن (ڕەمـزی لـە خـۆوە)، هەرچەنـدە کۆمەڵێـک وشـە لـە زمانـدا هـەن کـە تاڕادەیـەک پێوەندییـان لـە نێـوان وشـە و واتاکەیـدا هەیـە. بـۆ نموونـە تەقەتـەق، یـان شڵپەشـڵپ، بـەڵام ڕێژەیـان زۆر کەمـە.

٤-جێگۆڕکێ:

مرۆڤـەکان دەتوانـن باسـی ئێسـتا و ڕابـوردوو و داهاتوویـش بکـەن، نـەک تەنیـا ئەمـە، بەڵکـوو دەتوانـن باسـی شـتی خەیاڵـی بکـەن، کـە تـا ئێسـتاش نەیاندیـوە، بـەڵام ئاژەڵـەکان تەنیـا باسـی ئـەو کات و شـوێنە دەکـەن کـە تێیـدان، هەرچەنـدە لـە توێژینەوەکانـدا دەرکەوتـووە ئـەم خاسیەتە تاڕادەیەکـی زۆر کـەم لـە هەنگدا بـەدی دەکرێـت. بـۆ نموونـە کاتێـک هەنگێـک گـوڵ دەدۆزێتـەوە، دەتوانێت بگەڕێتـەوە بـۆ لای شانەی هەنگـەکان و دەتوانێـت هەندێـک جووڵـەی جیـاواز بـە هەنگەکانـی دیکـە نیشـان بـدات کـە شـوێنی گوڵەکـە لـە کوێیـە، بـەڵام ئـەم خاسـیەتە تێیانـدا زۆر کەمـە و نـاگات بەتوانایـی مرۆڤـەکان.

٥- پێڕەوی دووانەیی:

زمانـی مـرۆڤ لـە دوو ئاسـتدا ڕێـک خـراوە.

ئاستی یەکەم پێڕەوی دەنگییە کە مەبەست لێی ئەو دەنگانەیە کە لە سروشتدا هەن، هەر زمانە و بەگوێرەی ئەوەی کە دەیەوێت و پێویستی پێیەتی چەندان دەنگ هەڵدەبژێرێت. بۆ نموونە زمانی کوردی نزیکەی چل دەنگێک لەو دەنگانە هەڵدەبژێرێت و هەر یەک لەم دەنگانە بە تەنیا واتا نابەخشن، لە ئاستی دووەمدا کە پێڕەوی واتاییە ئەم دەنگانە یەک دەگرن و ژمارەیەکی زۆر وشەیان لێ دروست دەکرێت. لەم ڕێگەیەشەوە مرۆڤ لە چوارچێوەی زمانەکەیدا دەتوانێت لە ژمارەیەک دەنگی سنووردارکراو ژمارەیەکی زۆر چەمکی سادە و ئاڵۆز دەربڕێت، بەڵام ئاژەڵەکان کۆمەڵێک سیگناڵی پێوەندی جێگیریان هەیە کە هەر یەکێکیان ئاماژە بۆ شتێکی دیاریکراو دەکەن و بۆ بەشی جیاواز دابەش ناکرێن تا بتوانن وشەی جیاوازیان لێ بەرهەم بهێنن.

**٦- توانایی بەرهەمهێنان:**

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد بەهۆی پێڕەوی دووانەیی (دەنگی، واتایی)ـەوە مرۆڤەکان بە بەردەوامی وشە و دەربڕینی نوێ بەرهەم دەهێنن، بۆ وەسفکردنی بارودۆخ و شتی نوێ و باسکردن لە ئێستا و ڕابوردوو و ئایندە، کەواتە دەربڕینەکان لە زمانی مرۆڤدا بێ کۆتایە، بەڵام ئاژەڵەکان کۆمەڵێک سیگناڵی جێگیریان هەیە، کە هەریەکێکیان ئاماژەن بۆ شتێکی دیاریکراو و توانایی زیادکردنیان نییە.

**٧-گواستنەوەی کولتووری:**

ڕەنگە ئێمە تایبەتمەندییە جەستەییەکانی وەک چاوی قاوەیی و قژی ڕەش لە دایبابانەوە بۆمان بمێنێتەوە، بەڵام زمان لەو کولتوورەوە بەدەست دەهێنین، کە تێیدا دەژین، نەک بەشێوەیەکی بۆماوەیی لە جیناتەوە . منداڵێک کە لە دایک و باوکێکی کۆری لە کۆریا لەدایک بووبێت، بەڵام لەناو خێزانێکی ئەمریکیدا بەخێوکرابێت، تایبەتمەندییە جەستەییەکانی لە دایک و باوکی سروشتی خۆیەوەی بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام زمانەکەی لە دایک و باوکە ئەمریکییەکەیەوە فێردەبێت. ئەگەر بێتو منداڵێک بە تەنیا گەورە بێت لەو کاتەدا فێری هیچ زمانێک نابێت.

بەڵام لە پێوەندی ئاژەڵەکاندا، ئەوان بە کۆمەڵێک سیگناڵی تایبەتەوە لەدایک دەبن کە بە شێوەیەکی غەریزەیی دەری دەبڕن. هەندێک بەڵگە لە لێکۆڵینەوەکانی باڵندەکاندا نیشانی دەدەن باڵندەکان بۆ دروستکردنی گۆرانییەکانیان پێویستیان بە فێربوون (یان بەرکەوتن) لەگەڵ باڵندەکانی دیکە هەیە. ئەگەر بێتو ئەو باڵندانە حەوت هەفتەی یەکەمیان بەبێ گوێگرتن لە باڵندەی تر بەسەر ببەن، ئەوە بە غەریزە گۆرانی دەردەبڕن، هەرچەندە ئەو گۆرانیانە بە جۆرێک لە جۆرەکان نائاسایی دەبن.

کەواتە ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە، زمانی مرۆڤ بکاتە سیستمێکی پێوەندیکردنی وەها ناوازە، کە تەواو لە سیستمی پێوەندیکردنی گیانەوەرانی دیکە جیاوازە، ئایا دەکرێت لە ئاژەڵەکانی دیکە تێ بگەن؟ بۆ وەڵامی پرسیارەکەمان چەند توێژینەوەیەک دەخەینەڕوو لەوانە:

لە یەکێک لە هەوڵەکاندا لە لایەن دوو زاناوە بە ناوی (لوێلا و وینترۆپ کیلۆگ) شەمپانزییەکیان بەناوی (گوا) لەگەڵ منداڵەکەیاندا پێکەوە گەورەکرد، بۆ ئەوەی شەمپانزییەکە فێری زمانی مرۆڤ ببێت. لە کۆتاییدا شەمپانزییەکە توانی لە نزیکەی سەد وشە تێ بگات، بەبێ

ئـەوەی هیـچ کامیـان دەربـبڕێـت. لـە هەوڵێکـی دیکـەدا لـە سـاڵانی چلەکانـدا شـەمپانزییەک بـە نـاوی ڤیکی لەلایـەن ژن و مێردێکـی دیکـەی زانا (کاتریـن و کیـس هایـس) لـە ماڵەکـەی خۆیانـدا وەک منداڵـی خۆیـان بەخێویـان دەکـرد، دوای پێنـج سـاڵ لـە هەوڵـدان، ڤیکـی توانـی چەنـد وشـەیەکی سـادەی ئینگلیـزی بڵێـت، هەرچەنـدە شـێوازی وتنەکـەی زۆر ڕوون نەبـوون.

شـەمپانزییەکی دیکـە بـە نـاوی (سـارا) لەلایـەن (ئـان و دەیڤیـد پرێماک)ـەوە فێردەکرا کـە کۆمەڵێک شـێوەی پلاسـتیکی بـە مەبەسـتی گفتوگۆکردن لەگەڵ مرۆڤەکانـدا بەکاربهێنێـت. ئـەم شـێوە پلاسـتیکییانە هـەر یەکێکیـان لەبـری وشـە بەکاردەهێنـران و بـۆ دروسـتکردنی ڕسـتە ڕێکیـان دەخسـت. ئـان و دەیڤیـد سـارایان بـە شـێوازێکی سیسـتماتیکی ڕاهێنابـوو کـە هـەر شـێوەیەک پەیوەنـدی بـە شـتێک، یـان کردارێکـەوە هەیـە و خواردنیـان لـە پاداشـتی فێربوونـی شـتەکاندا پـێ دەدا. لـە کۆتاییـدا سـارا توانـی فێـری بەکارهێنانـی ژمارەیەکـی زۆر لـەم شـێوە پلاسـتیکییانە ببێـت و لەبەرانبـەردا بـە هەڵبژاردنـی شـێوەیەکی پلاسـتیکی دروسـت (سێگۆشـەیەکی شـین) لەنـاو ڕێژەیەکـی زۆری شـێوە پلاسـتیکییەکاندا سـێوێک بەدەسـت بهێنێـت. ئـەوەی جێگـەی سـەرنج بـوو ئەوەبـوو سـارا توانایـی بەرهەمهێنانـی «ڕسـتە»ی هەبـوو، بـۆ نموونـە بڵێـت مێـری شـوکولاتە دەدات بـە سـارا.

ژن و مێردێکـی دیکـەی زانا بـە نـاوی (پیاتریکس و ئالـن گاردنـەر) دەسـتیان بـە فێرکردنـی زمانـی جەسـتە بـە مێینەیەکـی شـەمپانزی بـە نـاوی (واشـۆی) کـرد. زمانـی جەسـتەکە تـەواوی تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکانی زمانـی مرۆڤـی تێدابـوو، لەلایـەن زۆر لـە منداڵانـی کـەڕولاڵ وەک زمانـی یەکەمـی سروشـتی خۆیـان بەکاریـان دەهێنـا. خێزانـی گاردنـەر بـۆ توێژینەوەکەیـان واشـۆیان وەک منداڵێکـی ئاسـایی لـە ژینگەیەکـی ئاسـوودەی نـاو ماڵـدا بەخێودەکـرد. هـەر کاتێـک واشـۆ لـە نزیـک ئەوانـەوە بووایـە، زمانـی ئاماژەیان بەکاردەهێنـا و وایـان دەکـرد کـە ئەویـش زمانـی ئامـاژە بەکاربهێنێـت. لـە ماوەی سـێ سـاڵ و نیودا واشـۆ وای لێهـات بـۆ زیاتـر لـە سـەد وشـە زمانـی ئامـاژە بەکاربهێنێـت، لەوانـە (فرۆکـە، کۆرپـە، مۆز، ژن و تـۆ...). لـەوەش سەرنجڕاکێشتر ئـەوە بـوو کـە واشـۆ توانـی ئـەم فۆرمانـە تێکـەڵ بـکات و ڕسـتەی لـێ پێـک بهێنێـت، بـۆ نموونـە بـۆ ئـەوەی کەسـێک وا لـێ بـکات سـەلاجەکەی بـۆ بکاتـەوە بـە ئامـاژە دەیگـوت (میـوەی زیاتـر).

ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو ئەوەبـوو کـە واشـۆ هەندێـک لـە فۆرمـەکان لەوانـەی کـە بـەکاری دەهێنـان، داهێنانـی خـۆی بـوو، بـۆ نموونـە بـۆ ئامـاژە کـردن بـە ( قـوو) وشـەی باڵنـدەی ئـاوی بەکاردەهێنـا، ئەمـەش پـێ دەچێـت ئامـاژە بـەوە بـکات کـە سیسـتمی پەیوەندییەکانی ئـەو توانایی بەرهەمهێنانـی هەیـە، هەروەهـا واشـۆ دەیتوانـی لـە ژمارەیەکـی زۆر زیاتـر لـەو ئاماژانـەی کـە بەرهەمـی دەهێنـان تـێ بگات و توانایی ئەنجامدانی گفتوگۆی سـەرەتایی هەبـوو، لـە شـێوەی پرسـیار و وەڵامـدا..

لـە دوای خوێندنـەوەی ئـەم توێژینەوانـەدا ئـەو پرسـیارەمان لـەلا دروست دەبێـت کە ئایا دەکرێت ئـەم نموونانە وەک بەڵگەیـەک مامەڵەیـان لەگـەڵ بکەیـن، بـۆ تێگەیشـتنی ئاژەڵـەکان لـە زمانـی مـرۆڤ؟ بـە واتایەکـی دیکـە شـەمپانزییەکانی وەک واشـۆ بەڕاسـتی لـە زمانی ئامـاژە تـێ دەگات و بـەکاری دەهێنێـت، یـان پەیوەندییەکانیـان تەنیا وەڵامێکـە بـۆ ئاماژەکانـی مـرۆڤ تـا لـە بەرانبـەردا شـتێک وەربگـرن؟ بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە

زاناکان دەبن بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان دەڵێن کە ئاژەڵەکان کردارێکی تایبەت بەرانبەر دەنگ، یان ژاوەژاوێکی تایبەت دەنوێنن، بەڵام ڕاستییەکەی «تێ ناگات» کە وشەکانی ناو ژاوەژاوەکە مانای چییە. یەکێک لە زاناکان بە ناوی (هێربێرت تێراس) ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەنگە شەمپانزییەکان بە زیرەکی خۆیان فێڵەکانیان بەکاربێنن بۆ وەرگرتنی پاداشتێک، ئەمەش بە پشتبەستن بە توێژینەوەکەی لەگەڵ شەمپانزییەک بە ناوی (نیم). لە بەرانبەردا خێزانی گاردنەر کە واشۆیان لە ژینگەیەکی سروشتیتردا پەروەردە کرد، بەرپەرچی ئەمەیان دایەوە و نیشانیان دا کە واشۆ دەتوانێت ئاماژەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ، تەنانەت کاتێک مرۆڤیش ئامادە نەبێت، بەکاریان بهێنێت.

لەم توێژینەوانەی کە لەبەردەستماندان، تێبینی ئەوەمان کرد کە شەمپانزییەکانی وەک سارا، یان واشۆ کە لەلایەن زاناکانەوە تەنیا فێری وشە کراون، ئەوان توانیویانە ئەم وشانە بەیەکەوە کۆبکەنەوە و ڕستەی سەرەتایی لێ دروست بکەن، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەوان لە واتای وشەکان تێ دەگەن ئەگەر نا چۆن دەکرێت ڕستەی لێ دروست بکەن؟ کەواتە دەکرێت بڵێین هەرچەندە زمانی مرۆڤ سیستمێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە توانایی گەیاندن و لێکدانەوەی چەمک و هەست و مەبەستە ئەبستراکتەکان هەیە، بەڵام ناتوانین نکوڵی لەو ڕاستییە بکەین، کە ئاژەڵەکان دوای فێرکارییەکی بەرچاوی مرۆڤەکان، دەتوانن هەندێک وشە فێربین و لێی تێ بگەن، هەرچەندە ئەم توانایەشیان تێدا سنووردار بێت و بە توانایی مرۆڤەکان نەگات.

**سەرچاوەکان:**

1- Sweet, Henry.(2014). A New English Grammar: Logical and Historical (Vol.1, p. 6). Cambridge Library Collection.

2- Yule, George.(2010). The Study of Language ( 4th ed., pp.19-11). Cambridge: Cambridge University Press. [URL: www.cambridge.org/9780521765275].

*** قوتابی ماستەرە لە بەشی زمانی ئینگلیزی، زانکۆی سلێمانی.**